# شير بوو به شمشير

ڕەحمان سۆفی

*(كورته چيرۆک)*

كتێبەكەی نابوو بە سینگیەوە، لە بن دیواری حەوشەكە دەهات ودەچوو. كە ئێمەی بینی ڕاوێستا. بە شەرمێونییەوە دەیڕوانی. بە خۆم نە بوو كەوتمە جەغزی چاوەكانی. نەمزانی چۆن هێزێكی نادیار بەرەولای ئەوی ڕاكێشام. بەڵام شیریان لێكردین بە شمشیر.

چووینە ژوورەوە. ماڵ پڕبوو لە میوان. سڵاوم كرد، لە بەرم هەستان. بەخێرهاتن و فەرموو یان كردم. منیش بە شەرمەوە لەو جێیەی كە فەرموویان كردم دانیشتم. پوورم هاتە نزیكمەوە وئەم لا ولامی ماچ كرد ودوو سێ جاری گوت « نوخشەت لێبێ، خوا مرام با لە شایی تۆشدا هەڵپەڕم »

زۆری پێنەچووئەویش هاتە دیوی میوان، سەیرئەوە بوو، كاتێک كە لە حەوشە بینیم، مانتۆی لە بەردا بوو، ڕووسەری بە سەرەوە بوو، بە شەرمەوە نازی دەفرۆشت و بەدزەی نیونیگا دەڕوانی. بەڵام ئێستا بە جلوبەرگی كوردییەوە خۆی دەنواند. بە خۆم نەبوو، بێ مەبەست كەوتمە جەغزی چوە مەستەكانی. مەستی مەستی چاوەكانی بووم. بەڵام تەیا نیگای بە دزی، جاروبارئاوێنەی دەروونی دەنواند.
پاڵم دابوو بەپاڵپشتی دیوارەكەوە، گوێم دابووە قسەی میوانەكان. هەركس باسی شتێكیان دەكرد. بەڵام من، بیروهۆشم لای ئەوبوو. لەگۆماوی خەیڵدا مەلەم دەكرد. لەپڕدەنگی موزیک و گۆرانی هاتە گوێم. تۆمەزانە لەدیوێكی دی كیژوكوڕی لاو گۆوەند و هەڵپەڕكێیان سازكردووە. لە دەرفەتێ دەگەڕام بچم و بەشداری ئەو هەڵپەڕكێیە بكەم. خواوڕاسان، پوورم هاتە پەناگوێم گوتی « ئەوە بۆ ناچی بۆ خۆت هەڵپەڕی »
وەک دەڵێن " كوێر چت دەوێ دوو چاوی ساخ " هەستام و چوومە ئەو دیو بەزم وهەڵپەڕكێ، ڕانەوێستام خولكم بكەن. چوومە كۆڕی ڕەشبەڵەكەوە. زۆری پێنەچوو، دەستێكی نەرم هەتە دەستمەوە. پەیوەندی پەنجەی لەگەڵ پەنجەم، بۆنی عەتروگوڵاوی پترمەست و سەرخۆشی كردم. لەشی نەرمی، هێنامیە جۆش و خرۆش. دڵم توندتر لێی ئەدا. ئارەقەم دەردا، چەن گەڕ هەڵپەڕیم. بەڵام نەمتوانی بەردەوام بم. دەستم بەردا، چووم لە بەر پەنجێرەكە دانیشتم. پاش چەن خول نەوارەكە تەواو بوو، شایی بەربوو. كوڕ و كچی لاو بڵاویان كرد. هەر یەک بە لایەكدا چوون. ئەویش هات لە پەنامەوە دانیشت. گەرمای بوو، بە دەسرەكەی خۆیی باوەشێن دەكرد. منیش بە دەسرەكەی دەستم ئارەقەی نێوچاوانم سڕی. هەندێک تەماشای كردم و پرسی « شەربەت ئەخۆیەوە ؟ » مات بووم، هیچم نەگوت. ئەو بەندە گۆرانییەی (عەلی مەردان) م وەبیر هاتەوە كەدەڵێ:

« سەت جارم وت قەسەم ئەخۆم ژاریش بە دەست تۆ بێ ئەیخۆم »

ئەو بەبێ جوابی من هەستا و ڕۆیی. زۆری پێنەچوو، گەڕاوە. سێ شەربەی شەربەت هێنا بوو. بە نازێکی پڕلە حەزەوە ڕووی تێکردم و گوتی: « فەرموو شەربەت بخۆوە ! » پیاڵەیەکی دایە دەستم. بە ئارەزووەوە لێم وەرگرت و بە چاو سپاسم لێکرد. پیاڵەکەم هەڵێنا و بۆنم پێوە کرد و لێم چێشت. بۆنی عەترو گوڵاوی لێدەهات، شیرین و بە تام بوو. ئەویش پیاڵەیەکی بە دەستەوە بوو، وەک من بۆنی پێوەکرد، کەمێکی لێخواردەوە. سەری بەردابووەوە، بە دزەی نیگا ئاگای لە من بوو. ئەو ماتڵ بوو کە من قسە بکەم، منیش چاوەڕێ بووم کە ئەو بدوێ. بە هەر حاڵێ بوو وێرام بێدەنگی بشکێنم.

لێم پرسی « ناوت چییە ؟ »

بە نازەوە گوتی « هێرۆ »

پرسیم « لە پۆلی چەندوم دەخوێنی »

گوتی « لە خۆلی چوارەمی ئامادەیی، گەرەکمە لە کۆنکووریش شیرکەت بکەم »

گوتم « منیش هەر وەکوو تۆ لە پۆلی چوارم دەخوێنم، بە نیازم لە کۆنکووری سەرانسەریشدا بەشداری بکەم »

هەردووکمان دڵمان پڕبوو لە ڕاز و نیاز، بەڵام ڕازی دڵ تەنیا لە ڕێگای نیگای بەدزییەوە خۆی نیشان ئەدا.

لەو دەمەدا درگا کراوە. ژنێک خۆی کرد بەژووردا، بە هاتنی ئەو ژنە ئەو تەواو شڵەژا. لە بەری هەستا و گوتی « دایکە بێرۆ شەربەتم بۆت هاوردە »

ئەودەم تێگەیم کە ئەو خانمە دایکییەتی. دایکی هات و بەرەو ڕوومان دانیشت. شەربەتەکەی گرت بە دەستییەوە وگوتی « خوا مرام با بۆ ئێوەش »

وتەکەی وەک مزگێنی وابوو، سۆزی ئەوینمی پڕرەنگتر کرد. قسە زۆر بوو، باڵام لەو دەمەدا، لە زارنەدەهاتە دەر. هێرۆ هەستا و گوتی شەو خۆش بەلاچاو تەماشایەکی کردم، بەو تەماشایە تەواوی نیازی دڵی نیشاندا و ڕۆیی.

دایکی گوتی « دەزانی تۆ و هێرۆ پوورزان »

گوتم « نا، جا چۆن، ئەی بۆ قەتم نەدیوە؟ »

گوتی « جا دیارە، یەکتریتان نەدیوە، ئێمە لە ئێران نەبوون »

واقم وڕمابوو، پێم وابوو گاڵتەم پێدەکا. هەروا سارد وسڕ گوێم دابووە قسەکانی، دەمویست پرسیاری لێبکەم، بەڵام ئەو مات و بێدەنگ بوو. سیمای خەم و شادی پێوە دیار بوو. ویستم شتێک بڵێم ، بەڵام لەو دەمەدا پوورم هات بە سەردا.

پرسی « چاک هەڵپەڕیت ؟»

گوتم « زۆر باش هەڵپەڕیم »

گوتی « خەوت نایە، ناچی بخەوی؟ »

گوتم « بۆچی نا، ئێستا دەچم »

گوتی « هەستە بچۆ لەگەڵ کوڕەکان لەو دیوە جێگام بۆت ڕاخستووە »

هەستام و چوومە ئەو دیوەی کە پوورم نیشانیدام ، خزیمە نێو جێگا، بەڵام هەرچیم کرد نەمتوانی بخەوم. کەوتمە سەر لاتەنیشت، وەرگەڕامە سەرپشت، ئەم دیو ئەو دیوم کرد سوودی نەبوو. کە نە بوو. ئەخت وچارم کرد خەوم لێنەکەوت. تانزیکەی بەرەبەیان لە نێو جێگادا گێنگڵم دا، یادی ئەو جێگای خەوی لێگرتبووم. لە بەرەبەیاندا

چاوم چووە خەو و نەچوو، خەونم بە وەوە بینی. لە خەومدا دەیگوت « ئەزانی بە یەکەم نیگا ئەویندارت بووم »
گوتم « چاومەست، چۆن نازانم، چاوت داوی ڕاوی دڵی منە ، وات ڕاو کردووە، لە قەفەسی ئەوینتدا گرساومەتەوە »
هاتە نزیکمەوە، و ئامێزی گرتەوە، پڕ بە دڵ لە ئامێزم گرت. لێوی گەرمی تامی ماچی پێچێشتم.
بە دەنگی بلاوێنی گوتی « وامەکە، پێمان بزانن ئابڕووم دەچێ »
بەڵام خەونەکەم کورت بوو، بەتەقەی درگا وەخەبەر هاتم. ئەم شان و ئە و شانم کرد، سەرینەکەم ئاڵوگۆڕکرد، دەمویست کەمێ بخەوم، بێ ئارام و بێ قەرار وەکوو مارگێنگڵم ئەدا. چاوەڕوانی بەیان و ڕۆژ بوونەوە بووم. ئاواتەخوازبووم، زووتر شەو ببێ بە بەیان، و ڕوخساری ئەو ببینم ، ئەو چەن کاتژمێرم بە ساڵانی تەمەن تێپەڕی. ئەڵبەتە وەک دەڵێن " دوای هەر تاریکیەک ڕووناکی دە ر دەکەوێ. شەو و چاوەڕوانی، منیش کۆتایی هات و ڕۆژ و ڕووناکی خۆی نواند.

*   *   *

بەیانی لە خەوهەستام و چوومە حەوشە، ڕوانیم، دیم ئە ویش لەوێ بوو. سڵاوم لێکرد، بە ڕوو خۆشییەوە وەڵامی دامەوە.
پرسی « خۆش خەوتی؟ »
گوتم « جا، کوا خەو! مەگەر ئاشق دەنوێ بە شەو»
گوتی « بەخوا قەسەم منیش هەر وەکوو تۆ، لە دوێنێوە لە سەر عەرز نیم »
گوتم « ئەگەر تۆ شیرین بی، منیش فەرهادم »
گوتی « ئەترسم عەشقی من و تۆش هەر ئەفسانەبێ »
لەو کەین وبەینەدا بووین، پوورم بووە مڵۆزم . ئێمەش بە ناچار لە کورتی بڕیمانەوە.

ڕۆژێکی ڕووناک و هیوابەخش بوو. میوان و برازاوا کۆبوونەو. لە حەوشە گۆوەند گێرابوو. ڕەشبەڵەک وهەڵپەڕکی هەر مەپرسن. هەرچەن خولکیان کردم، بە بێ ئەو نە چوومە شایی و هەڵپەڕکێ. بەخت هات وهەتاوی منیش هەڵات. بە شێوەیەک خۆی ڕازاندبوەوە، هە لەخۆی جوان بوو. بازنە وخرخاڵ، سیخمە و بەرمووری، گوڵ و گوارە و ژێرچەنەی، نازوکرێشمەی، چاوی ئەفسوناوی دڵڕفێن و چاو بەزێن بوو. دەرفەت هەبوو، هەل هەڵکەوت بوو. کەمێک هەڵدەپەڕین و خۆمان ئەدزییەوە. من گوڵم پێشکەشی ئەو دەکرد، ئەویش عەتری ئەوینی دەپرژاند بە دڵی منەوە. پەیمانی وەفاداریمان لەگەڵ یەکدی بەست. دڵمی برد و نەیدامەوە.

*   *   *

لای ئێواره به دابی باو بوکیان گوێستەوه. میوان بڵاوەیان کرد. بەڵام خزم وکەسی نزیک مانەوه، کەس بێگانه نەبوو. ئەو میوانانەی که لەوێ مابوونەوه خزم وکەسی بوک و زاوا بوون. چوومه دیوێک لەوێ دانیشتم. ئارەقەی ماندوویيم سڕییەوه. زۆری پێنەچووئەویش هات، بەرانبەرم دانیشت. نیگامان تێک هاڵا، چاوەبڕكێ، نیگای تاسەبار، بۆم بەیان ناکرێ که چی له نێوانماندا گوزەرا. ئەو هەموو ڕازو نیازە. هێندەی نەخایاند دایکی وەژوور کەوت « هێرۆ » لەبەری هەستا و پرسی « دایکه شەربەت ئەخۆیەوه ؟ »
دایکی گوتی « خوا مرام با بۆ ئێوەش «
هێرۆ ڕۆیی و گەڕاوه. سێ شەربەی شەربەت هێنا. پیاڵەیەکی نا بەر دەستی دایکی و یەکیانی له بەردەستی من دانا. شەربەتمان دەخواردەوه. دایکی به وردی سەرنجی من و کچەکەیی ئەدا. سەر خۆشی تەماشای ئێمه بوو. ڕۆانی و گوتی
« پێم وتی که تۆ و هێرۆ پوورزای یەکن. تۆ مناڵ بووی، دایکت له سەر زا چوو. ئێمه تووشی نەهاتی هاتین. باوکی هێرۆ لەگەڵ حەمەد ئاغای سەرا کردی به شەڕ، ئیتر ئێمەش له ترسی ئاغا و ژاندارم ڕامانکرد بۆکوردستانی عێراق. ئیدی وا بوو که نه من خەبەرم له ئێوه بوو، نه ئێوەش له ئێمه. بەڵام دوور و نزیک هەواڵتم پرسیوه. به ئاواتەوه بووم بتبینم، بەڵام بۆم هەڵنەدەکەوت. ئەوه شوکر به ئاواتم گەیشتم.»
دوای ئەو قسانه، دایه قوڵپەی گریان و فرمێسکی هەڵوەراند. قسەکانی، گریان و فرمێسکەکەی کاری تێکردم. سەرم بەردا بووەوه، و چووبومه ناخی خۆمەوه. بیرەوەری تاڵ له ناخمدا چرۆی کرد، بەڵام وەک خەون و خەیاڵ. هێرۆش به دزەی چاو دەیڕوانییه من. مەستی چاوی، ڕوانینی تامەزرۆیانەی، خەمی بێدایکی خۆم و خەیاڵی له بیر بردمەوه. گوێم دابووه قسەکانی دایکی، بەڵام دڵم، بیروهۆشم لای هێرۆ بوو. دایکی ڕۆیی، هێرۆش به دوایدا. سەرنجی له یەک دابڕان، دوایین نیگای، ئاگری تێبەردام.

باوکم و پوورم به کەین و بەینی ئێمەیان زانی. بانگیان کردم وگوتیان « تۆ باش بخوێنه، هەر وەخت خوێندنەکەت تەواو کرد، ئەودەم بۆت دەخوازین.» سەرم بەردابووه، هیچم نه گوت.بەڵام لەقوڵایی دڵمەوه، هیوادار بووم .

*       *  *

له شایی و زەماوند گەڕاینەوه بۆ بۆکان. چ حاڵێکم بوو، خۆشم ناتوانم به زمان بەیانی کەم. دەرسم بۆ نەدەخوێندرا. هاوڕێکانم دەیان گوت « ها هه ، بەکره عاشق بووه «
چەن ڕۆژی پێچوو، پوورم له سەقز ەوه هات بۆ بۆکان. له دڵی خۆمدا به هیوای خەبەری خۆش بووم، ئەوان له ژووری میوان دانیشتبوون، منیش چوومه دیوەکەی خۆم. گوێم دابووه قسەکانیان. پوورم دەیگوتی « چووینه خوازبێنی، زۆریان پێخۆشه بوو، به تایبەت کچەکه. بەڵام دایکی دەڵێ بەکره کوڕی خۆمه، خۆم گۆژم کردووه،

شیری مەمکی خۆمی خواردووە. پرسی مەلاشمان کردووە. دەڵێ " بە شەرعی ئیسلام مارەی نایە " خۆ ئێمەش بێشەرعی ناکەین »
ڕۆژی هەینی بوو. خۆم لە ماڵەوە دزییەوە وچووم بۆ سەقز. ڕاستەوخۆ چووم بۆ ماڵی پوورم. وام بۆهات کە پوورم لە ماڵ نەبوو. دیارە کە بەوە زۆردڵخۆش بووم. هەلێکی باشم بۆ هەڵکەوتبوو. بە دەرفەتم زانی بە پوورزامم گوت « پوورزا ! دەبێ چاکەیەکم لەگەڵ بکەی، دەکرێ بچی هێرۆ م بۆ بانگ کەی، بەڵام بەو مەرجەی کەس پێنەزانێ »
پوورزام بە مانایەکەوە تەماشایەکی کردم و گوتی « بڕۆ ئەو دیوە، نەکا براژنم و ئەوان بێنەوە « ئەو قسەییەی کرد و ڕۆیی. ئەو چەن چرکەیەی تا ئەو هاتەوە، بە ساڵێک گوزەرا. زۆری پێنەچووهاتەوە. هێرۆ شی لەگەڵ بوو. کە دیم وەکوو کەڕ ولاڵ و عەبەسرام لێهات. پوورزام ڕۆییە ژوورێکی دی، خۆی بەکاری ماڵەوە خەریک کرد. لەگەڵ هێرۆ بە تەنیا ماینەوە. من مات بووم، ئەویش کزبوو. بە کزییەوە گوتی « نەموت ئەوینی من و تۆش هەر ئەفسانەیە! دیت چۆن شیریان لێکردین بە شمشیر!؟ ئێستا نازانم چی بکەم، دەست و پێم بەستراوە. ناکرێ بێقسەیی دایکم بکەم. خوا لە دایکم ڕازی نەبێ. ئەو مەمکەی بە بڕین چێ وا دای بە تۆ. ئەو شیرەش بە ژای ماری تۆ بێ. ئاخرتۆ دڵی منی ، بێ دڵ چۆن بژیم ! تۆ هەناسەمی هەناسە چۆن لە بیر دەچێتەوە. تۆ بێژە، دەبێژە چی بکەین...
بە قسەکانی تەواو تاساندمی. نەمدەزانی چی بڵێم، بەڵام بەخۆم نەبوو، چوومە بەرگی پاڵەوانی ڕۆمانسییەوە.گوتم « وەرە با ئەم داب وڕەسمە کۆنە بگۆڕین. با بتی موقەدەس بشکێنین. دڵنیابە، کە چاویشمان کوێرنابێ. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا خەیاڵی من بوو، ئەم داب و ڕەسمە کۆنە بە زنجیری ئایین بەستراوەتەوە، قەف قەفی ئەم زنجیرە پواوە، تەنیا بە گۆڕینی بنەڕەت گۆڕینی کۆمەڵگا دەگۆڕدرێ.
چوومە ماڵی ئەندێشەوە. سەرم بەرداوە و بیرم لێدەکردەوە، کە چی بکەین، زۆرم بیر لێکردەوە. هیچ بوارێکم بەدی نەکرد. سەرم گێژبوو، سکاڵاشم بە هیچ کەس نەدەگەیی. سەرم هەڵێنا و ڕوانیمە هێرۆ لە دڵی خۆمدا دەمگوت"سەت بریا هەرنەمدیبایەی " هێرۆ زۆر بە تاسەوە ئاخێکی هەڵکێشا و چاوی بڕییە چاوم، تێرتێر ڕوانی. بوغزی لە گەروویدا تەقییەوە ودایە قوڵپەی گریان. گریا، ئەوندە گریا، تامنیشی کردە گریان. لام وایە کە ئێستاش هەر دەگری. منیش هەڵوەدای شارانم. هەر ڕۆژەی لەلایەک و هەر شەوەی لە جێیەک سەردەنێمەوە. لەگەڵ کتێب و ئەفسانە دەژیم. لە شیر بێزارم. لە جێگای فەرهاد مەجنونی هەردانم.